# لە بەردەم ئاوێنەکەدا دڵم ئەم قسانەی کرد

**حەمەشوان شەریف/ سوید / کونگێلف**
Hamashwan1@hotmail.com

Nov 19,2005



**چاوەڕێم مەبە کچێ**
**ڕەنگە ئیتر بەدیدارت نەگەمەوە !.**
**تۆ . پێت نەزانی !**
**من دڵم بەچڵێکی پەنجەرەکەتانەوە مرد**
**من**
**بەفرێک بووم لە عەشق**
**هەتاوی سەرشێت نەیتوانمەوە !.**
**کەچی**
**بەڕستەیەکت بووم بەهەڵم**
**من**
**لەدوای سێبەرەکەتەوە جێدەمام و**
**دڵم نەدەهات پێ تلێبنێم . ! .**
**من منی لە عەشق هەڵکێشراو**
**تاماوم دەبێ لە بازنەیەکی تەنیایدا**
**بسوڕێمەوە**
**دەزانم**
**لەتەوێڵم نوسراوە**
**تۆم خۆش بوێ و بەس ! .**
**گوناهم چیە ئەو کچەی خۆشی دەوێم**
**من خۆشم ناوێ !؛**
**ئەی بۆ ؟ تاوانبارم**
**کە ئەو کچەی خۆشم دەوێ**
**ئەو منی خۆش ناوێ ! ؟.**
**من منی ئێوارەیەکی پایز**
**بەدەست گومانەوە دەشنێمەوە**
**نەبەهارێک دەبینم بۆ دواڕۆژ و**
**نەهەتاوێک سڵاودەخاتە ژوورەکەمەوە و**
**نە بەیانیەیەک ئەسرینم ئەسڕێ ..**
**ئاخر بۆ واتلێکردم بــۆ ؟**
**بەرلەوەی بتناسم**
**هالاوم لێهەڵئەستا لە بەختەوەری**
**پێکەنینم لێدەڕژا**

لەگەڵ هەتاودا دەگەڕام
گوڵ بەیەخەمەوە وشک نەئەبوو
ئێوارەیەک نەما
گوێ لەگۆرانیەک نەگرم
بە چێژەوە ڕۆمانێکم دەخوێندەوە
بە هیوایەکەوە هۆنراوەیەکم ئەنوسی
بۆ ئەوین تــــا ت تا
لە ڕوناکی جوانتربێت !!!!

کچێ ک چ ێ
بۆ هەردەبێ کوڕ بپاڕێتەوە
پرسیارێکم هەیە : -
؟!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!!
ژمارەی پاڕانەوەکانی کوڕ زۆرترە
یان هی ئەو کیژانەی
لێویان سوێبووەتەوە بۆ ماچ !؟ :،

وەک کوڕەکەی جاران تێم مەڕوانە
بیرم کورت بووەتەوە لەڕوانین
بە پترین کەس خۆم ئەبینم لەئەویندا
گویایە دەڵێن
تۆم بینیوە و نەمدواندووی
ئەڵێن :
ئەو کچەی خۆشیی دەویستم
بە فرمێسکی هۆنراوە دەچنێ و
دیوانێکی لە ژێرناوی
(خۆر و سەهۆڵ )* لەچاپایە .
ئەو کچەی خۆشم دەویست
سەرقاڵی منداڵە و
پیاوەکەشی وەکو زریان
گەڵاو خونچەی
بەدرەختی لەشیەوە نەهێڵاوە

منیش لێرە !
نیشتمانێک بە گومانەوە تێمدەڕوانێ و
هەناسەی تۆش بابوەستێ
مەگەر هەر بــــــا
بێت پێوبڵێ

**ڕۆمانێکم لە ئەویندا بەڕێوەیە و**

**بەم زوانە لە چاپدەدرێ** .....

......!!!!